www.kurdistannet.org

# هاوارنامەیەك
# لە
# کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفالەوە

**بۆ هەموو حیزب و ناوەندە کوردستانییەکان**

**سلاوی شۆڕشگێڕانە**

**کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لەپێناوی بەدیهێنانی ئەم داخوازییە ڕەوایانەدا خەبات دەکات :**

- **لەسەر ئاستی جیهان بە جینۆساید ناساندنی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال .**
- **دادگاییکردنی سەرانی ڕژێمی عێراق وەك تاوانکارانی جەنگ .**
- **ناچارکردنی ئەو کارگە بیانیانەی بۆ دروستکردنی چەکی کۆکوژی یارمەتی ڕژێمی عێراقیان داوە ، قەرەبووی کەسووکاری قوربانیەکان بدەنەوە .**

**بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزانە پێویستیمان بە کۆمەك و پشتگیری ئێوە هەیە .**

**تکایە بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی هەڵەبجە و بۆ ئەوەی گوڕێك بە دادگایی کردنی نەزار خەزرەجی بدرێ ، داوا لە ئەندامان و هەوادارانی ئەورووپانشینی خۆتان بکەن ، شەممە ٢٠٠٢/٣/١٦ سەعات دووی پاشنیوەڕۆ لە پایتەختی دانیمارك ، لە گۆڕەپانی (RADHUSPLADS) لەبەردەم تەلاری شارەوانیی کۆپنهاگندا ، ئامادە بن .**

**تکایە بەشداری لە چالاکیەکانی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفالدا لە هەر شوێنێك ئەنجام بدرێن ، بکەن .**

**بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هاوکاریتانین .**

**کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال**

**٢٠٠٢/٢/٢٦**

e-mail: halabja_anfalcampaing@hotmail.com